کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:41 4-9-2007

## دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەر گیری کێ لێی بەرپرسیارە؟؟ ... ئا:ڕەوا عەبدوڵڵا

"ڕەشیبینی گەنج بەسیاسەت وئایدی ئەمرۆ وادەکات گەنج متمانەی بەوە نەمێنێت هاوسەرگیری ئەنجام بدات" ئەمە ووتەی پسپۆڕێکی دەروونناسیە پێشی وایە دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەر گیری جگەلەوەی ئاکامی خراپی دەروونی لای گەنجان دورست دەکات دەبێتە هۆکارێکیش بۆ دورست بوونی گەلێك کێشەی کۆمەڵایەتی ڕەشبینی گەنجان بەژیان ودوارۆژیان، ئەمە جگەلەوەی وەك شارەزایانی بواری ئاماری دانیشتوان ئاماژەی پێدەدەن " زەنگێی مەترسی دارە بۆناهاوسەنگ بوونی ڕێژەی ئاستەکانی تەمەنی دانیشتوان"گەنجانیش پێیان وایە نەبوونی پلانی حکومەت بۆ ئاسنکاری ویارمەتی دانی گەنجان هۆکاری سەرەکی کێشەکەیە، جگەلە ناهۆشیاری کۆمەڵگا لەئاکامە خرپەکانی ئەم کێشەیە.



بەپیی وتەی توێژەرانی کۆمەلایەتی باشترین تەمەن بۆ هاوسەر گیری بۆ کچ 22تا 27 ساڵە وبۆ کوریش 25تا 35 ساڵە بەلام زۆربەی کات وەك گەنجان ئاماژەی پێدەدەن هۆکاری ئابوری دەبێتەلەمپەرێك بۆ بەئنجام نەگەیاندی ئەم پرۆسەیە.

ابراهیم ئەحمەد گەنجێگی تەمەن 32 ساڵ وەك خۆی ئاماژەی پێدا بەهۆی هەژاری نەیتوانیوە ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت لە بارەی هۆکاری دواخستنی ئەم پرۆسەیە بە خەمباریەوە ووتی "قورسای ژیان ڕێگەت پێدەدات بیر لە زەواج بکەیتەوە ئێمە لەم وولاتە لەهەموو شتێك بێبەشن تەنانەت لەپێکهێنانی هاوسەریش "ئەم گەنجە پێشی وایە حکومەت بەرپرسی یەکەمە لەم بوارە بۆیە دەیووت" حکومەت زۆر کەمتەر خەمە لەیارمەتی دانی گەنجان، ئامادەیە شوقە بۆ ئەندام پەرلەمان وحکومەت بەپارەی خەیاڵی دابین بکات بەلاَم ئامادەنیە کەمترین یارمەتی گەنج بدات لەم پرۆسەیە "

بەشێك لەگەنجان پێیان وایە تێگەیشتنی خراپی کچان وکوران لەم پرۆسەیە هۆکاری سەرەکیە بۆ دواخستنی ئەم پرۆسەیەلەم باریەوە هوشەنگ برهان دەرچووی کۆلێژیاسا دەلێت "بیرکردنەوەی خراپی کچان بەهۆی زۆری دواکاری هۆکارە بۆ نمونە ئێستا بۆتە مۆدێل 50تا 100 مسقال زێردەوێت بۆ پێشەکی بۆپاشەکیش هەر باسمەك دەروات بۆ 500مسقال زێر سەرەرای ئەوانەش دوای خانووی سەربەخۆ مالی کامل دەکەن بەراستی دوای ژیانێکی وادەکەن گەنج توانای دابین کردنی نیە "

سەبارەت بە کەمی پرۆسەی هاوسەرگیریش لەزانکۆ هۆشەنگ پێی وایە لەم لایەنە کور زیاتر خەتا بارە چونکە وەك ئەو دەڵێت " بەهۆی پۆخلەواتی هەندێ کور کچان سیقەیان بەکور نەماوە، جگە لەوەی کچی ئەم زەمانە پارە لایان بۆتەهەمووشتێك تا کوری دەوڵەمەند هەبێ ئاور لەهەژاران نادەنەوە"

کچانیش پێیا وایە کوران بەرپر سی یەکەمن لەدواخستنی ئەم پرۆسەیە بەهۆی بیرکردنەوەی نادورست لەم پرۆسەیە لەم بارەیەوەساکاری تەمەن 28 ساڵ دەلێت "کوران ئێستا ئامادەنین کچانی هاوتەمەنی خۆیان بهێن ئەوان دەیانەوێت کچانی تەمەن 15بۆ 18ساڵی بهێن".

ساکار وتیشی "هیچ جۆرە ئسلوبێك نەماوە بۆ خوازبێنی، کور هەیە داوای کچێك دەکات هەموو خەڵك تێدەگەینێت ئیجا خۆی دێت لەگەڵ کچە دادەنیشێت کە قسەشی لەگەڵ دەکات دەبێت مەلەفی 20

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سالْی بۆ بکەیتەوە بزانێت تۆ بەکام دەست رازە پێچراویتوە، ئینجا ئەو کات ئەگەر دایکی رازیبێت ئەو کات دێتە داخوازیت"

پسپۆران وگەنجانیش پێیان وایەتائێستا کۆمەلگا و خێزان نەیانتوانیوە رێگە بە گەنجان بدەن بەئارەزووی خۆیان بریار لەم پرۆسەیە بدەن لەم بارەیەوەیەوە زریان تەمەن 27 سالْە دەلێت"دەستێوەردانی مالْەوە لەم پرۆسەیە زۆرگاریکەری هەیە چونکە زۆر جاران کچە بەکور رازیە بەلاّم مالەوەیان مەرەجی زۆر دادەنێن، ئامادەنین کچەکانیان بەشو بدەنە کەسێك کە لەئاستی بژێوی خۆیان کەمتربێت یان ئامادەنین کچەکانیان لەخزمە نزیکەکان خۆیان زیاتر بدەنە کەسێکی تر یان رازینین، کچەش ناچارە رەدی بکاتەوە جورئەتی ئەوەشی نیە بە ڕاشکاوانە بیری خۆیان دەربرن بەکورتی دەبێت یەك عەشیرەت رازی بێ ئەو کات بۆت هەیە شوو بکەی "

یوسف عوسمان حەمەد پسپۆری دەرونزانی لەبارەی هۆکارەکانی دواخستنی پرۆسەی هاوسەرگیری دەلێت" رەشیبینی گەنج لەژیان بەسیاسەت وئایدی ئەمرۆ وادەکات گەنج متمانەی بەوە نەمێنێت هاوسەرگیری ئەنجام بدات واهەست دەکات هاوسەر گیری پریەتی لەکێشە بۆیە بەردەوام لێی پاشەگەز دەبێنەوە، جگە لەهۆکاری ئابوری زۆرجاری هەندێ هۆکارە دەروونی هەیە کەکەسێك ئامادەی تیادا نیە ژن بهێنێت یان شوو بکات نەبوونی ئەم ئامادەیە وادەکات کەفێری جۆرێك لەتەعدا و رێکابەری بێت، یان زۆرجار فەشەلهێنان لەخۆشەویستی بێئاکام مانەوەی وادەکات گەنج نەتوانی بریای هاوسەرگیریەکی رۆتنی بدات "

سەبارت بە ئاکامەخراپانەی توشی گەنج دێت لە دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەر گیری مامۆستا یوسف دەلێت"دواکەوتنی پرۆسەی هاوسەر گیری ئاکامی خراپی دەبێت لەسەر ژیانی ئەو کەسە بەتایبەتی لەرووی رەگەزی مێینەوە چونکە تەمەنێکی دیاری کراویان هەیە لەرووی گەشەکردنی هۆرمۆناتی وجەستەییەوە تا تەمەنی 45 تا 50سالْی کەتەمەنی بێ ئومێد بوونی پێی دەوترێت، چونکە دوای ئەو تەمەنە هێلکە دانەکانیان زۆر جار تواناى گەشەکردنیان نامێنێت بۆیە تونای مندال بوونی کەم دەبێت، جگەلەوە مانەوەی کچ لەمالْی باوك ئاگام وتەفسریاتی خراپی کۆمەلاّیەتی لێدەکەوێتەوە باری دەروونی ئەو کچە خراپ دەکات، ئەمانە هەمووی وادەکات کچ هەست بەتەنگژەی دەروونی بکات وتوشی رەشبینی بێت لەژیان بەهەمان شێوە کورانیش بەهۆی ئەوەی ناتوانێ ئیشباعی جنسی بکات بۆیە توشی بێ ئومێدی دەبێت لەژیان ڕاڕادەبێت لەبریاری هاوسەر گیری ئەمانەش هەموی وادەکات ئەو گەنجە توشی گۆشەگیری بێت "

بۆبەدەست هێنانی زیاتری زانیاری لەم بابەتە پەیوەندیمان کرد بەبەرپرسی بەشی توێژینەوەی کۆمەلایەتی بهزاد محەمەد ئەمین لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتییەوەکرد هەرچەند ناوبراو لێکۆلینەوەی لەم کێشەی بەگرنگ وەسف بەلام راشکاونەش ووتی"بەداخەوە تائێستا وەزارەت هیچ کاری لەسەر ئەم بابەت نەکردوە کەدەبوایە بکات هەرچەندە ئێمە دەزانین ئەم بابەت یەکێکە لەبابەت گرنگەکان چەندین کێشەی کۆمەلایەتیش دورست کردوە کەپێویستە وەزارت گرنگی پیچ بدات بەلاّم بەداخەوە دوبارە دەیلێم رۆتنیاتی ئیدارە وای کردوە تائێستا ئێمە وەك توێژەرانی کۆمەلایەتی دەوری خۆمان نەبینیوە چونکە هیچ سلاحیاتێك یان دەسەلاتێکمان پێ نەدروە تابەکاری خۆمان هەلْبستین "

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.